# چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێکی سەددام

ئا: سوزان هایدەمۆس
و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح

**ژنە پارێزەر (بوشرا خەلیل) ی لبنانی لە باشوری ئەو وڵاتە هاتۆتە دنیاوە، کەسێکی چالاکە و لە خێزانێکی ناوداری لبنانی و عێراقی شیعەیە و دانیشتوی دەوروبەری بەیروتە. لەم چاوپێکەوتنەدا ناوبراو دەربارەی پەیوەست بوونی بە دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکەر لە سەرۆکی لابردراوی عێراقی و هۆکارەکانی پاڵنەر بۆ ئەم کارە دەدوێت.**



پ: بۆ چی بەرگری لە سەددام حوسێن دەکەیت؟

و: لەبەر ئەوەی یەکەم هەر تۆمەتبارێک مافی داکۆکی و بەرگری لێکردنی هەیە. دووەمیش من هەمیشە لە خزمەت مەسەلەی عەرەبیدا بوومە.
کاتێک وڵاتێکی عەرەبی داگیردەکرێت و سەرۆکەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە ڕاپێچی دادگا دەکرێت، من وا هەست دەکەم کە ئەمە من غەمگین دەکات و دەبێت سەرکێشییەکی بۆ بکەم.

پ: بەڕێزتان دەتانەوێت تا کۆتایی پەیوەست بن بە پرۆسەی دادگایی کردنەکەوە، چونکە وای دەبینن کە داد (عەدالة) لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا بۆتان جێگەی پرسیارە؟ ئایا دەتانەوێت سەرەڕای باری نائاسایشی ئەوێ (بەرەو عێراق -و.-) بگەڕێنەوە؟

و: بەڵێ من چاوەڕێی چرای سەوز دەکەم، لە داکۆکییەکەشمدا پشت دەبەستم بە ئەوەی کە تەواوی دادگایی کردنەکە نایاساییە. ئایا دەکرێت پرۆسەیەکی دادگاییکردن عادیلانە بێت کاتێک ئەفسەرێکی ئەمریکی، کە دوژمنی تۆمەتبارەکەیە، بەڕێوەی بەرێت؟ ئەم مەسەلەیە لە مانگی پێنج دا،منی بە پرۆسەکەوە پەیوەست کرد. هەرچی پەیوەندی بە باری ئاسایشی پارێزەرانیشەوە بێت، ئەمەیان سیاسییەکان دەزانن.

پ: مەبەستت لەمە چییە؟

و: پێشتر پارێزەران کە لە دەرەوەی عێراقەوە بە فڕۆکە دەهاتن، لە سەر سەکۆی نیشتنەوەی فڕۆکەکەوە لە لایەن سەربازانی ئەمریکییەوە پاسەوانی دەکران و پاشانیش بە هێلیکۆپتەر بۆ ناوچەی سەوزی بەغدا دەگوێزرانەوە. واتە ئاسایشی ژیانمان سەد دەر سەد دابینکرا بوو. کەچی لە دوا سەفەردا دەبوایە لە خاڵی کۆنترۆڵی پاسەپۆرتی فڕۆکەخانە وەک ئەوانی تر لە ڕیزی درێژدا بوەستین. ئینجا بە ئۆتۆمۆبیل و بە ڕێگای زەویدا بردیانین. من ئەو ڕوداو و هەڵسوکەوتەم وا بینی، کە وریا کردنەوەیەکە بۆ ئێمە، تا جاری دی نەگەڕێینەوە.

پ: دەبێت سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی بڕیاری سزای لەسێدارەدان بە سەر سەددام دا واژۆ بکات، ئەو بەڵام ڕایگەیاند، کە ئەمە ناکات.

و: ئەگەر کاتێک داوا لە تاڵەبانی بکرێت کە ئەمە بکات، بە دڵنیاییەوە دەیکات. من وای بۆ دەچم کە بڕیارێکی لەسێدارەدان بدرێت. پێداچونەوەش (ئیستیئناف) جێگای پێکەنینە و کارێکە ناکرێت، چونکە گریمانەکان و کارسازییەکان ئامادە نین. سەرەڕای ئەوەش: لە دەرچونی بڕیارەوە بۆ جێبەجێکردنەکەی کاتێکی زۆری دەوێت و چیرۆکێکە بۆ خۆی.

پ: باوەڕت وایە کە سەددام بێتاوان بێت، لەو تاوانانەی خراونەتە پاڵی؟

و: (تۆزیک بێدەنگی...) کاتێک سەرکردەیەکی عەرەب لەبەردەم دادگا دا وەستا بێت و دژی داگیرکردنێک خەبات بکات، ئیتر ئەمە ویژدانم دەجوڵێنێت. وەک ژنە عەرەبێک ئەرکی منە، کە کاری بۆ بکەم و لەم ڕێگەیەوە دژی داگیرکردنیش خەبات بکەم.

پ: ئەی دەربارەی ئەو گۆڕەبەکۆمەڵانە چی دەڵێیت؟

و: دوو جەنگ لە عێراقدا ڕویانداوە: دژی ئێران و دژی کوێت. زۆر زەحمەتە بڕیار بدەین، کە کێ لەو گۆڕانەدا ڕاکشاوە.

سەرچاوە/ گۆڤاری (Focus) ی ئەڵمانی، ٢٠٠٦/٦/٢٦. www.Focus.de

**تێبینی**: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی (هەواڵ) ژ (١٩٦)ی ٢٠٠٦/٩/٢ دا بڵاوکراوەتەوە.